



هونەرمەندی شێوەکاری رۆژئاوای کوردستان سەمەر درێعی لە شاری هەولێر لە چوارچێوەی پێشانگایەکدا تابلۆکانــی خۆی نمایــش کرد و نزیکی ٤٠ تابلۆی بە هونەردۆستان ئاشــنا کــرد، دوای تەواوبوونی پێشــانگاکەی لە شــاری هەولێر لــە دهۆکیش هەمان پێشــانگای کردەوە،لە تابلۆکانیــدا تێکەڵەیەك لەنێوان سروشت و جەستەی ئافرەت بــەدی دەکرێت، خاڵــی جیاوازی ســەمەر ئەوەیە کە بــە جورئەتەوە وێنەی جەستەی ئافرەت دەکێشێت ئەمەش زیاتر ســەرنجی بینەر بۆ خۆی رادەکێشێت. سەمر درێعی کە خەڵکی رۆژئاوای کوردستانە و بە بانگهێشتێکی وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتــی هەرێمی کوردســتان سەردانی کوردســتانی کردبوو،تا ئێســتاش خاوەن حــەوت تابلۆی جیهانییە.

## سەمەر درێعیی شێوەکار...

# دەربازبوون لە تەوقی مێ



سەبارەت بە پێشانگاکە بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن: ماوەی چوار ســاڵە خەریکی کێشــانی ئەم تابلۆیانەم و بڕیارم داوە داهاتی فرۆشــتنیان پێشــکەش بە ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردســتان و خانەوادەی شــەهیدە ســەربەرزەکانی کوردســتان بکەم، لەم پێشــانگایەدا نزیکەی ٤٠ تابلۆم نمایش کردووە بە شــێوازی جیاجیا رەنگەکانیش ئەکلیریکن کە ئەم رەنگەم زیاتر لەگەڵ ئەو رەنگانــە بەکارهێناوە کە لە رەنگی خاك نزیکن و لەبەر ئەوەی ئێســتا ئێمە لە وەرزی بەهار و نەورۆزین، بابەتەکانی زۆریان لەسەر گوڵن، هەروەها لەبەر ئەوەی ئێمە لە سەردەمێکداین کە بەدوای رووناکــی دەگەڕێین لە وڵاتی خۆمان و بە دوای ئاشــتیدا وێڵین، بۆیە هەوڵمداوە ئەو رووناکییــەی کە لێمان ونــە بیدۆزمەوە و لە تابلۆکانمدا بەرجەستەی بکەم.

هەر سەبارەت بە بابەتی تابلۆکانی سەمەر دەڵێــت: جگە لە گوڵ بەشــێکی زۆری تابلۆکانم بــاس لە ئافــرەت دەکەن بۆیە ئافرەتم بەشێوەیەك وێنا کردووە کە سەدای تەنیا لەســەر ئاســتی کوردستان نەبێت بەڵکو هەوڵمداوە سەدای ئافرەتی کورد و ئافرەت بە گشــتی بگاتە ئاســتی جیهان، لێرەدا پەیامی من ئەوەیە بە جیهانی رابگەیەنم کە هونەرمەندانی کوردســتانیش جورئەتیان هەیە و دەتوانن بەهێز و ئیرادەی خۆیانەوە بە تەکنۆلۆژیای نوێی وێنەکێشانەوە ئەو جورئەتە دەربخەن و دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە، هەروەها دەمەوێ ئەوەش



# ـــينەبەنديی و هەنگاونان بەرەو ئازاديی ئافرەت

بڵێم کە بەم جورئەتـــەوە دەمەوێ ئافرەتی کورد ئازاد بکەم لەو کۆت و بەندانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەمی.

ســـەبارەت بە ســـوود وەرگرتنـــی لە کارەکانی دیکە ســـەمەر ئاماژەی بەوەکرد کە ســـوودی لە ئەزموونی ڕەنگیی خۆی و تەکنۆلۆژیا وەرگرتووە لە ڕێگای ئەکادیمیای هونەری ڕۆمانیا کە لەوێ خوێندوویەتی، ئەم ئەزموونەی خۆی جۆرێك لەهێزی پێبەخشـــیووە بۆ ئەوەی بە جورئەتێکی زیاتـــر و بەم ڕەنگانەوە وێنە بکێشێت.

سەبارەت بەو پەیامەی کە دەیەوێت دەربارەی ئافرەت بیگەیەنێت لە ڕێگای ئەم پێشـــانگایەوە سەمەر وتی: من هاتووم سروشت بدوێنم، دەمەوێ تابلۆکەم خەیاڵـــی ئافرەتی کورد بدوێنێت لە چوارچێـــوەی ڕەنگەکانـــدا وئەوەی کە وشـــە نەیتوانیوە دەری ببڕێت تابلۆکانم دەری ببڕن، چونکە لە تابلۆدا ناتوانین قســـە بکەین، بەڵام دەتوانین ئـــەوەی لە ناخماندا پەنگی خواردۆتەوە بەشێوەیەکی دیکە بیخەینە بەرچاو.

هەروەها دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئافرەت نیشتیمانە، خاکە، کاتێك من دەمەوێ دەست بە وێنەکێشان بکەم، یەکەم هێڵم دەستنیشان دەکەم بۆ نموونە جەســـتەی ئافرەت، ئەم جەســـتەیە لای من وەکـــو گوڵێك دەردەکەوێت، بەپێچەوانەوە کاتێك وێنەی ئافرەتێك دەکێشـــم گوڵێکم بۆ دەردەکەوێت بۆیە ئافرەت و گوڵ هەمیشە لە کارەکانـــم و لە زهنمدا بوونیان هەیـــە، چونکە هەردووکیان بۆ من مانـــای وڵات دەگەیەنن، ئێمە میللەتێکی ماندووین لە وڵاتێکـــی داگیرکراودا لەنێو هیلاکی و ئێش و ئازاردا دەژین و پێویستمان بە هەموو شتێکی دەوروبەر هەیە، چونکە هونەرمەند هەمیشە بچووکترین و لاوازترین شتەکان و کۆمەڵگا و دەوربەری کاریگەرییەکـــی زۆری تێدەکەن، بۆیە حەزم کرد ئەمە دەربخەم وەك هاوارێك هـــەر بەم بۆنەیەوە یەکێك لـــە تابلۆکانم بەناوی (هـــاواری ئازادی)یـــە کە ڕەواجێکی زۆری لەســـەر بوو و لە دەنگدانێکدا لە ڕۆمانیا ژمارەیەکی زۆر دەنگی بەدەســـتهێنا، هەروەها چەند تابلۆیەکی دیکەم لـــە مۆزەخانە جیهانییەکاندا نمایش کراون و چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە.

هەر ســـەبارەت بەتابلۆکانی سەمەر،نووسەر و ڕووناکبیر ڕێبوار ســـیوەیلی کە یەکێك بوو لە ئامادەبووانی پێشـــانگاکە دەڵێت: ئەم پێشـــانگایە تەقلیدی نییە، ئەگەر لە قەبارەی تابلۆکانەوە دەست پێبکەم قەبارەیان مامناوەندی و گەورەیە ئەگەر ئەمەش بە ناوەڕۆکی تابلۆکانەوە ببەستمەوە ئەوە دەردەخات کە دەیەوێ گرنگییەکی زۆر بە ناوەڕۆکی تابلۆکان بدات کە زیاتر بیرکردنەوە و هزرینێکی ژنانەیە لـــە جیهان کە ئەمەش بۆ خۆی جێگای خۆشحاڵیە، بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگ و فیگەر و مۆسیقای ناو تابلۆکان زۆر لەگەڵ یەکتر گونجاون.

مامۆستا ڕێبوار زیاتر وتی: پێموایە ئەم تابلۆیانە لە زهنیەتێکی ئـــازاد ســـەرچاوەیان گرتـــووە و هونەرمەندەکـــە لـــە خۆیەوە تێیگەیشتووە و بەهای مێیەتی خۆی دەزانێت، بۆیە بە ئاشکرا دەبینین مێیەتی شـــەپۆل دەدات لە نێـــو تابلۆکاندا، لە هەمان کاتدا هەڵگری خەمێکی مرۆڤایەتین بە گشتی و ڕەنگەکانیش ڕەنگێکی کوردســـتانین، ئەم جۆرە تابلۆیانـــە هەندێك لە خەم و ســـام ترسی ئێمە دەشـــکێنن بە بینینی جەستەی ئافرەت لە ڕووناکیـــدا، چونکە ئێمە لەڕووی کەلتوورییەوە وا ڕاهاتووین کە جەســـتەی ئافرەت لە تاریکیدا ببینین و وێنای بکەن، کەچی خاتوو ســـەمەر جەســـتەی ئافرەتی لە ڕووناکیدا بۆ بەرجەستە کردووین و پێموایـــە ئەمە یەکێکە لە خاڵە هەرە بەهێزەکانی کە دەقی کەلتووری ئێمە دەشکێنێت، بۆیە جێگای خۆیەتی لێرەدا پیرۆزبایی و دەستخۆشی لێبکەم و هیوادارم بەردەوام بێت.



## پرۆفایل

**سەمەر عەبدولرەحمان دریعی.**
**کچی موزیکژەن و شاعیر و پەیکەرتاش و وێنەکێشی ناودار عەبدولرەحمان دریعییە.**
**ساڵی ١٩٧٧ لەشاری حەلەبی ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە.**
**لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا ڕووی لە وڵاتی ڕۆمانیا کردووە.**
**ئەکادیمیای باڵای هونەری لە بۆخاریستی پایتەختی وڵاتی ڕۆمانیا تەواو کردووە.**
**سۆلفیجی موزیک وگۆرانی لە حەلەب خوێندووە.**
**خەڵاتی دووەمی وێنەکێشانی سەر جەستەی (بەدی بینتیتنگ ) لە ڕۆمانیا بەدەستهێناوە**
**تا ئێستا خاوەن حەوت تابلۆی جیهانییە.**



## کاتێک ئەستێرەکانی هۆلیوّد



هەمیشە ئەستێرەکانی هۆلیوّد لە فیلمەکانیاندا بە گریانەوە دەبینرێن، چونکە ئەوانیش وەك ئێمە مرۆڤن و دووچاری فشارەکانی ژیان دەبنەوە بە هەموو شێوەیەك چ وەك مرۆڤی ئاسایی یان وەك ئەکتەر.

وێنەگرەکانی بابارتزی بە دوای هونەرمەندەکانەوەن بۆ پەیدا کردنی وێنەیەك ئەگەر نرخەکەی تەنانەت رووخاندنی ئەستێرەکەش بێت، بێ ئەوەی گوێ بە هەستیان بدرێت وەکو مرۆڤ، راوەدوونانی هونەرمەندان لەلایەن وێنەگرانەوە زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی بگرین و خۆیان بۆ پێ رانەگیرێ لەبەردەم کامیراکان جا لەبەر خەم یان گرفت یان بەهۆی خۆشیی رێز لێنان و خەڵات کردنەوە بێت

## پیپر پشت بە مـــــ

**زۆر لە ئەســـتێرە ناودارەکانی جیهان جا لە هەر بوارێکدا بن، موزیك یان سینەما یان شانۆ، زۆر جار کە تووشی بارودۆخێکی تایبەت دەبن یان هەست دەکەن کارەکانیان وەك پێویست بەڕێوە ناچێت، پەنا بۆ هەر شتێك دەبەن بۆ ئەوەی دووبارە بگەڕێنەوە ســـەر بارودۆخی خۆیان و لە کارەکانیاندا سەرکەوتوو بن. ئەو رێگایانەی پەنای بۆ دەبەن بۆ رزگار بوون لە بارودۆخێکی لەو شێوەیە جاری واهەیە دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی جەماوەر و چاودێرانی کارەکانیان، جاستین پیپری گۆرانیبێژی ناوداری کەنـــەدی ماوەیەکە دووچاری چەند گرفتێك بووەتەوە لەگەڵ**


## میرندا واز لە ڤیکتۆریا سیکرت دەهێنێت

کچە ئەکتەر و نمایشـــکاری جلوبەرگی ئوسترالی میرندا کیر بڕیاریدا واز لە کاری مۆدێل بهێنێت و کاتی خـــۆی بۆ پەروەردەکردنی تاکە منداڵەکەی تەرخان بکات.

میرندای تەمەن ٢٩ ســـاڵ رایگەیاند کە لەمەودوا ئیتر ئەو فریشتەیەکی سیکرت نەماوە و باڵەکانی بەلاوە ناوە، ئەم بڕیارەشـــی بە پەرەســـەندنێکی سروشتی ناوبرد، میرندا هەروەها وتی: من لە تەمەنی ١٣ ســـاڵییەوە خەریکی مۆدێلم و ئێستا پێم ناوەتـــە قۆناغێکی نوێی ژیانەوە، بۆیە بە پێویســـتم زانی ئەم هەنگاوە بنێم کە لەگەڵ لەدایکبوونی کچەکە بیرم لێی کردۆتەوە، ئێستا من لە قۆناغێکدام کە هەست دەکەم ناتوانم پابەندی هیچ گرێبەستێکی کار کردن بم.

شایەنی وتنە میرندا هاوسەری ئۆرلاند بلۆمە و دایکی کچێکی تەمەن دوو ساڵییە.

## بە ڕاستی دەگرین





بەتایبەتی بەدەستهێنانی ئۆسکار، لێرەدا چەند گریانێکی بەناوبانگی ئەستێرەکانتان بیر دەخەینەوە:

١- گوینس پالترۆ گریانەکەی بەناوبانگە کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٩ خەڵاتی ئۆسکاری بەدەستهێنا.

٢- ڤیکتۆریا بێکهام بە دڵڕەقی بەناوبانگە، بەڵام ساڵی ٢٠٠٠ بە ڕاستی گریا.

٣- کیم کارداشیان لە ئەڵقەیەکی بەرنامەکەی بەشێوەیەکی سەیر گریا.

٤- لەیدی گاگا لە بەرنامەی (dancing with the stars) گریا.

٥- ئۆپرا لە کاتی بیستنی چیرۆکێك ڕاستەوخۆ گریا.

٦- ریهانا لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ئۆپرا .

٧- جنیڤەر لۆپێز دەموچاوی خۆی شاردەوە تا کەس فرمێسکەکانی نەبینیێ.

٨- جنیڤەر ئەینستۆن لە کاتی خەڵات کردنیدا گریا.

٩- هیو جاکمان لە دیمانەیەکدا گریا.

١٠- لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆدا ڕۆبیرت دی نیرو گریا.

١١ - گریانی ئەلیشا کیز، هەروەها گریانی هالی بیری لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکاری بەناوبانگە.

## ـــــــاسی دەبەستێت بۆ سەرکەوتن



سـیلینا گۆمیزی هاوڕێی و جیابوونەتەوە، جیابوونەوەی جاستین و پیپر کاریگەری سـلبی کردۆتە سەر کارەکانی هەردووکیان و هەردووکیان بوونەتە بابەتی سەرەکی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، جاستین تاتۆیەکی نوێی لەسەر دەستی خۆی نەخشاندووە پێکهاتووە لە وێنەی جۆرە ماسییەك کە پێی دەڵێن (koi) وبە بڕوای جاستین دەبێتە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر سـەرکەوتوو بێت لە کارەکانیدا شـانس یاوەریێ بێتەوە لە کارەکانیدا.

جاستین پێشتر وێنەی کوندەپەپۆیەکی لەسەر هەمان دەستی نەخشاندبوو و ئەو ماسییەش دەکەوێتە ژێر کوندەپەپۆیەکە و لە یەکێك لە ئاهەنگەکانی کە لە کۆبنهاگن ساز کرا ئەم تاتۆ نوێیەی بەدەرکەوت.

## ئیڤا ڕوو لە فیلمی کارتۆن دەکات



خانمە ئەکتەری ئەمریکی ئیڤا لۆنگۆریا جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر شاشەکانی تیڤـی، بەڵام ئەم جارەیان بەشـێوەیەکی جیاوازتر لەوەی پێی ناسـراوە، بەڵکو لە ڕێگای فیلمێکی کارتۆنی.

ماڵپەڕی (تی ڤی گاید) لەم بارەیەوە ڕایگەیاند لۆنگۆریا بە دەنگ بەشداریی لە فیلمی کارتۆنی (mother up ) وەك کەسایەتیی سەرەکیی فیلمەکە، ئەم فیلمە کارتۆنییە باس لە دایکێك دەکات کە پێشتر بەرهەمهێنەری موزیك بووە و لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت ناچار بووە واز لە کارەکەی بهێنێت و بڕیار وایە لە پاییزی داهاتوودا ئەم فیلمە کارتۆنییە نمایش بکرێت، شایەنی باسە جگە لەم فیلمە ئیڤا بەرهەمهێنەری جێبەجێکاری بەرنامەی (ئامادەی بۆ خۆشەویستی) یە کە لەسەر شاشە کەناڵی (NBC) پێشکەش دەکرێت.

# زۆیا: دوایین کلیپم شێوازەکەی قەرەجی بوو نەک عەرەبی



*** تۆ ماوە ماوە سەردانی کوردستانت دەکرد واتە لە کوردستان دانەبڕاوی، بەڵام ئێستا بە یەکجاری لێرە گیرسایەوە، هەست بە چی دەکەی ئێستا لە کەشوهەوایەکی ئازاددا دەژی؟**

- ئێمە لە رۆژئاوای کوردستان هەمیشە بە حەسرەت بووین کە رۆژێك بێت ئێمەش وەك ئەم پارچەی کوردستان ئازادی و رزگاربوون لە دەست داگیرکەر بە چاوی خۆمان ببینین، کاتێك لە سنوور دەهاتین چاومان بە پۆلیس و سەربازی کوردی دەکەوت و ئەو ئەمن ئاسایشە بەرقەرارەمان بەچاوی خۆمان دەبینی، خەڵك بەو پەڕی ئازادی و بەبێ ترس بە کوردی قسە دەکەن و ئاڵای کوردستان دەشەکێتەوە، ئەم دیمەنانە هەستێکی خۆشیان لەلای ئێمە درووست دەبوو دەمانگوت تۆ بڵێی رۆژێك لە رۆژان ئێمەش لە رۆژئاوای کوردستان و پارچەکانی دیکەش هاوشێوەی باشوور رزگار ببین و ئەم ئازادییە بەچاوی خۆمان ببینین، من خۆم یەکێك بووم هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ هەستمان چی دەبێت کە رۆژئاوای کوردستان وەك هەولێر بە ئازادی ببینین.

*** بارودۆخی سوریا چ کاریگەرییەکی بەسەر هونەری زۆیا بەتایبەت و هونەری کوردانی رۆژئاوا بە گشتی هەبووە؟**

- بێگومان بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری بەسەر هونەرمەندانەوە هەیە، چونکە کاری هونەری بە گشتی بەستراوەتەوە بە خۆشی و شادی خەڵك، ئەو بارودۆخە کە ئێستا هەیە بەهیچ شێوەیەك نابێتە مایەی خۆشی یان ئاهەنگ گێڕان، خەڵك بە گشتی بە هونەرمەندانیشەوە لە رۆژئاوای کوردستان لە نزیکەوە بە وردی سەیری رووداوەکان دەکەن، ژیان و گوزەرانی خەڵکیش زۆر زەحمەت بووە، بە دڵنیاییەوە ئەمەش کاریگەری سلبی لەسەر هونەر دەبێت.

*** شاری هەولێر هیچ رۆڵێکی هەبووە لە ناسین و دەرکەوتنی زۆیا وەك هونەرمەند لەلایەن جەماوەرەوە؟**

- سەرنجی من دەربارەی هەولێر وەك هونەرمەندە ئەوەیە کە ئەم شارە و خەڵکەکەی هونەردۆستن و رێز لە هونەرمەندانی خۆیان دەگرن، بۆیە دەبینین بزاوتێکی هونەری بەهێز لە باشووری کوردستان بە گشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی هەستی پێدەکرێت، ئەمەش رۆڵێکی باشی هەبووە لە خزمەتکردن وبەرەو پێش بردنی هونەری کوردی لەم پارچەیە، من ماوە دوو ساڵ دەبێت هەستم بەو بزاوتە هونەرییە کردووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە خزمەتێکی زۆر بە هونەرمەندانیش بکرێت و یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هونەرمەندان بەردەوام بن لە کارە هونەرییەکان و ئەو بارودۆخەی ئێستا هونەری کوردی تێیکەوتووە تارادەیەك خاو بێتەوە و کاریگەری کەمتر بێتەوە، چونکە هونەرمەندانی کورد پێویستیان بە پشتگیری و هاوکار زۆر هەیە و بارودۆخ بۆ هونەرمەند فەراهەم دەکرێت و ماندووبوون قوربانیدانی هونەرمەندان لە هەولێر لەبەرچاوگرتنی دەکرێ، بۆیە بە ئاشکرا دەتوانم بڵێم ئەم پێشتگیری و هاوکارییە بۆ هونەرمەندان هەیە و هەستی پێدەکرێت ئەگەرچی رەنگە لێرە و لەوێ کەموکوڕیش هەبێت، بەڵام خزمەت کردنیش بە هونەرمەندان هەیە.



**چاڤێ تە یەکێک بوو لەو بەرهەمانەی کە زۆیای کچی قامیشلۆی وەک هونەرمەندێک ناساند و لە دوای ئەم گۆرانییە جەماوەر ئاشنای دەنگ و بەهرەکانی ئەم کچە بوون، سەرەتاکانی دەستکردنی بە کاری هونەری بۆ ساڵی ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە، بەڵام بەرهەمی (چاڤێ تە لە ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوکردەوە و تا ئێستا چەندین ئەلبووم و گۆرانی پێشکەش کردووە، لە حەوتەمین فیستیڤاڵی شاری هەولێردا کۆنسێرتێکی گۆرانی پێشکەش کرد، زۆیا لە دیمانەیەکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە. خانمە هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆیا یەکێکە لە هونەرمەندە بەشداربووەکانی حەوتەمین فیستڤاڵی، زۆیا جگە لەوەی کە چەندین کاری هونەری لە شاری هەولێر ئەنجامداوە لە هەمان کاتدا ماوەی چەند مانگێکە بڕیاریداوە لە شاری هەولێر ژیان بەسەر بەرێت، لە پەیوەندییەکدا زۆیا بەمشێوەیە بۆ ماڵپەڕی پارێزگای هەولێر هاتە دوان.**

*** تۆ یەکێکی لەو هونەرمەندانەی کە بە ستایلی جیاجیا گۆرانی دەڵێی و لە هەمووشیاندا تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتووی، ئەم تێکەڵ بوونەی ستایل بۆچی؟**

- من خۆم زیاتر بە ستایلی گۆرانی هێمن حەز لە گۆران وتن دەکەم، بەڵام جەماوەر و گوێگر حەز لە ستایل و شێوازی جیاجیا دەکەن بۆیە دەبێ هونەرمەندیش بتوانێت جەماوەری خۆی رازی بکات، وەك گوتم من حەز لە گۆرانی خێرا و جوڵەی بەردەوام نییە لە کاتی گۆرانی وتندا، بەڵام یەکێك لە گرفتەکانی من ئەوەیە لە کۆنسێرتەکاندا پێویستە گۆرانییەکان جوڵەیان لەگەڵدا بێت، بەڵام لەو جۆرە ستایلەشدا سەرکەوتووم، دەمەوێ لێرە ئاماژە بە شتێك بکەم رەنگە هەموو کەسێك بتوانێت گۆرانی خێرا و دەهۆڵی بڵێت، بەڵام زەحمەتە هەموو کەسێك بتوانێت لە گۆرانی هێمندا سەرکەوتوو بێت.

*** تۆ جگە لە گۆرانی رووخسارێکی جوانت هەیە کە بۆ کاری مۆدێل و راگەیاندن بەتایبەتی تەلەفزیۆن گونجاوە، بیرت لەم کارانە نەکردۆتەوە؟**

- بێگومان زۆر داواکاری لەم شێوەیەم پێشکەش کراوە، تەنانەت ئەم جارەش لە هەولێر وەك پێشکەشکار داوام لێکراوە کار بکەم، بەڵام پێموایە هونەرمەندی گۆرانیبێژ ناکرێ بەردەوام بەرچاو و دیاربێت لەسەر شاشە تەنانەت حەز دەکەم دیمانەکانی تەلەفزیۆنیش کەم بکەمەوە، پێویست ناکات خەڵك ئاگاداری ورد و درشتەکانی ژیانی هونەرمەند بن.

*** لە دوایین کلیپتدا ڕۆڵی کچێکی عەرەبی بەدەوێ دەبینی ئەمە چۆن بوو؟**

- کلیپ خۆی بیرۆکەیە لەم کلیپەدا کە بیرۆکەکە هی خۆم بوو، حەزم کرد ڕۆڵی کچە قەرەجێك ببینم واتە شێوازێکی کۆن و جیاواز بێت لە کلیپەکەی پێشووم، بەڵام بەداخەوە خەڵك زۆر بە هەڵە لە کلیپەکە گەیشت و لێکدانەوەیەکی هەڵەیان بۆی هەبوو گوایا شێوازەکە عەرەبی بوو، بەڵام شێوازێکی قەرەجی بوو، ئەگە بمزانیبایە خەڵك بەو شێوەیە لێکی دەداتەوە بەم شێوەیە دروستم نەدەکرد.

***وەك هونەرمەندێك ئێستا تۆ لە چ ئاستێکدای؟**

- من ناتوانم حوکم لەسەر ئەوە بدەم، بەڵام ئەوەی تێبینیم کردووە کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان یان لە هەر شوێنێکی جیهان ئێستا تا رادەیەکی زۆر بە (زۆیا) ئاشنان وەك هونەرمەندێك، بۆیە من هەست دەکەم پەیامێکم گەیاندووە کە پەیامی هونەرییە بۆ جەماوەر و نەوەی داهاتوو، بەڵام هەست دەکەم ئێمە بووین بە قوربانی زۆر دیاردە و نەریت کە باو بوو، چونکە کاتێك من لە رۆژئاوای کوردستان وەك هونەرمەندێك دەرکەوتم و گۆرانیم وت و لەلایەن جەماوەرەوە ناسرام ئەو کات کچ زۆر کەم بوون لەو بوارە یاخود دەتوانم بڵێم هەر نەبوون، دوای من زۆر کچی دیکە هەبوون کە جۆرئەتی ئەوەیان کرد ئەوانیش گۆرانی بڵێن و دەیانوت بۆ زۆیا گۆرانی بڵێ و ئێمە خۆمان بێدەنگ بکەین، تەنانەت بە منیان دەوت: تۆ دەرگات لە ئێمە کردووە و هاوکاریت کردین بۆ ئەوەی ئێمەش بە ئازادی گۆرانی بڵێین، من خۆم رووبەرووی زۆر دەردەسەری و رێگری بوومەتەوە تاکو توانیم ئەو رێچکەی بشکێنم وبەردەوام بم لە گۆرانی وتن، بەڵام کۆڵم نەدا و ئێستا لە خزمەتی میللەتی خۆم و هونەرەکەیدا بەرەدەوام دەبم.

**• لە کوردستان چ شتێك زیاتر سەرنجی راکێشای؟**

- خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی جا لە هەر شارێك بن زۆر رێزیان لە من و هونەری من و هەموو هونەرمەندان گرتووە، دەرگای هەولێر هەمیشە واڵا بووە بۆ کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان لەوانەش کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کاتێك ئێمە روومان لە هەولێر و باشووری کوردستان کرد بە هیچ شێوەیەك هەستمان بە غەریبی نەکرد و هیچ کاتێکیش خۆمان بە بێگانە نەزانیوە، بەڵکو هەمیشە خۆمان بە خەڵکی ئەم شارە زانیوە و و هەستمان بەوە کردووە کە لە وڵاتی خۆمانین و لە نێو خزم و کەسوکاری خۆمانین، ئەمەش تەنیا قسەی من نییە بەڵکو هەموو ئەو کوردانەی روویان لەم شارە کردووە تەنانەت ئەوانەی بۆ کرێکاریش هاتوون هەمان هەستیان هەبووە، ئەمەش بۆ ئێمە مایەی رێزو تەقدیرە و نموونەی پتەوی پێوەندی نێوان کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستانە.

*** بۆچی هەولێرت هەڵبژارد بۆ بەسەر بردنی ژیان؟**

- بۆ من هەموو شارێکی کوردستان هیچ جیاوازییەکی نییە، هەولێر پایتەختی کوردستانە و مەڵبەندی ئەنجامدانی کاری هونەری و شوێنی کۆبوونەوەی هونەرمەندانی هەموو پارچەکانی کوردستانە، هەروەها خەڵکی شاری هەولێر دڵپاك و مرۆڤ دۆست و میوان دۆستن، بۆیە بڕیارمدا لە شاری هەولێر بمێنمەوە.

**پرۆفایل**

**- خەڵکی شاری قامیشلۆیە لە ساڵی ١٩٨٦ لە دایکبووە.**
**- لە دانزە ساڵیەوە دەستی بە کاری هونەری کردووە، لەسەرجەم چالاکیەکانی قوتابخانەکان ئەو کات بەشداری کردووە.**
**- لە ئاهەنگی هاوسەرگیری خۆیدا لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی رەسمی گۆرانی وتووە.**
**- لە ساڵی ٢٠٠٦ یەکەم بەرهەمی کرد بەناوی (چاڤێ تە) سێ کلیپیشی لەو بەرهەمە کردوە کە لە ١٠ تراك پێکهاتبوو، لە ساڵی ٢٠١٠ بەرهەمێکی دیکەم تۆمارکرد بەناوی (هێڤی مە) لەو بەرهەمەش چەند کلیپێکم کردووە.**
**-بەشداری لە فیستیڤاڵی شەشەم و حەفتەمی رزگار کردنی هەولێردا کردووە.**
**-هاوسەرەکەی هونەرمەندێکی موزیك ژەنە و زۆر هاوکاری کردووە لە کارەکانی و بەردەوام هاندەری بووە.**
**-ئێستا لە شاری هەولێر نیشتەجێیە**